عەبدولرەحمان بێلاف:

لە ژیانمدا پارەم لە هونەرمەندان بەرانبەر بە پێدانی شیعر وەرنەگرتووە

عەبدولرەحمان بێلاف بەرزنجی لەدایکبووی دەڤەری مەخموورەو لەبنەماڵەیەکی بەناوبانگی ئایینیو شێخی تەریقەتو خاوەن چەندین تەکیەن لەکوردستانو خاوەنی چەندین دیوانی شیعری رۆمانسیو ٧١٢ شیعری کراوەتە گۆرانیو سەروکارێکی بەتینی لەگەڵ مۆسیقاو هونەرەو هونەرمەندان هەیە، بۆیە وەك شاعیرێکی دەڤەرەکە ویستمان دیدارێکی لەگەڵ سازبدەین.

سازدان: فەرمان محەممەد

دەنگی مەخموور: سەرەتا دەپرسین کەی دەستت بەشیعر نوسین کرد؟

بێلاف: لەقۆناغی پێنجەمی سەرەتایی دەستم بە شیعر نوسین کرد،یەکەم شیعرم نوسی ئەوەی راستی بێت شیعرەکەم زیاتر قسە رێزکردن بوو، بەڵام بەلامەوە زۆر گرنگ بوو.

دەنگی مەخموور: نازناوی بێلاف لەچیەوە هاتوە؟

بێلاف: دۆستێکی باپیرم هەبوو ناوی (سامی عەودال)بوو کە شاعیرەکی میللی نەتەوەیی بوو، ئەم شاعیرە ئەم نازناوەی بۆمن دانا، لەهەمانکات خۆشم ئەوکات حەزم دەکرد وەکو شاعیرەکانی تر نازناوێکم هەبێت.

دەنگی مەخموور: یەکەم شیعرت کەی کراوەتە گۆرانی؟

بێلاف: یەکەم شیعرم لە ساڵی ١٩٨٣بەناوی (کەژاڵ بەچاوی شینی) لەلایەن هونەرمەند(عارەب عوسمان) کراوەتە گۆرانی.

دەنگی مەخموور: تۆ وەك کورە شێخێك و لەبنەماڵەیەکی ناسراوی ئاینی چۆن بوو رێچکەی شیعرت هەڵبژارد؟

بێلاف: من وەك حەزو ئارەزوویێك رێچکەی شیعرو تەدبیاتم گرتەبەر، دیارە هەر لەکۆنەوەش حوجرەو تەکیەکان لە جێگای سەنتەرو یانەی رۆشنبیرییەکانی ئەمرۆ خزمەتی بەرچاوییان کردووەو چەندین رۆشنبیرو شاعیری گەورەی تێدا بەدەرکەوتووە، هەر بۆیە منیش هەر لەمندالیەوە حەزم بە شیعرو ئەدەبیات بوە بۆ ئەوەی خزمەت بە نەتەوەکەم بکەم و هیواو ئاواتەکانی خۆشم بێنمە دی.

دەنگی مەخموور: شیعر پەیامێکی جوان و پیرۆزە، بێلاف ئەم جوانی و پیرۆزییەی لەچیدا دەبینێت؟

بێلاف: جوانیو پیرۆزی شیعر لەوەدا دەبینم کە شیعر ببێتە ئاوێنە بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێت حەزو ئارەزووەکانی خۆی تێیا بێنێتەدی.

دەنگی مەخموور: لەسەر چ بنەمایەك شیعر دەدەیتە هونەرمەندان؟ ئایا هەر هونەرمەندێك داوات لێ بکات شیعری پێ دەدەی؟

بێلاف: بە حوکمی ئەوەی کە من پەیوەندییەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیم هەیە لەگەڵ هونەرمەندان، جگە لە هونەرمەندانیش من پەیوەندێکی زۆرم هەیە لەگەڵ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان هەرلە کرمەشان و تاران و بانەو هەروەها لەگەڵ کوردەکانی رۆژئاواو باکوورو لەگەڵ هەموو خەڵکی هەولێرو دهۆك و سلێمانیش ئەم پەیوەندییەم هەیە، جا ئەم پەیوەندییە وادەکات کە هونەرمەندان و ئاواز دانەرانو میوزیك ژەنەکان لە دەوری من کۆ ببنەوە بۆئەوەی بە هەماهەنگی کار بکەین، من شیعر لەسەر ئەو بنەمایە دەدەمە هونەرمەندان کەسێك دەنگی خۆش بێتو رێزی هونەرەکەی خۆی بگرێت، خۆشبەختانە تاوەکو ئێستا (٧١٢) شیعرم کراوەتە گۆرانی.

دەنگی مەخموور: جیاوازی نێوان شیعری گۆرانی و شیعرەکانی دی لە چی دایە؟

بێلاف: شیعری گۆرانی تایبەتمەندی خۆی هەیە دەبێت ناوەرۆکێکی قولی هەبێتو لەرووی دارشتنو روخسارییەوە دەبێت سادەو ساکار بێت بۆ ئەوەی هەموو خەڵك تێی بگات، بەگشتی دەبێت شیعری گۆرانی ئاسان بێت بۆ ئەوەی هاولاتیەکی خاوەن تەکسی یاخود دوکانداریك بتوانێت بە ئاسانی تێبگات، یاخود کوێرێکو نەخوێندەوارێك دەبێ حیسابی بۆ بکرێت.

دەنگی مەخموور: شیعر دەئوسیت دواتر ئاوازی بۆ دادەنێت یاخود بە پێچەوانەوە؟ ئایا ئاوازیش دادەنێیت؟

بێلاف: لەبەر ئەوەی ئەزمونێکی زۆرم هەیە لەشیعری گۆرانی، بۆیە زۆر جار لەسەر ئاواز شیعر دەنوسمو زۆر جاریش شیعرم نوسیوە دواتر ئاوازیان بۆ داناوە، بەڵام لەولاتانی ئەورووپاو ئەمریکا سەرەتا ئاواز دادەنرێت دواتر شیعری لەسەر دەنوسرێت. هەڵبەتە شارەزایم لەبواری ئاوازدانان هەیە بەهەری ئاواز دانانم هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی ئەکادیمی نا بەڵکو شتێکی روحیە لەلای من، تائێستاش ٤٥ ئاوازم بۆ هونەرمەندان داناوە کە کراوەتە گۆرانی.

دەنگی مەخموور: ئەو هونەرمەندانەی کە شیعر و ئاوازت پێداون کێن؟

بێلاف: بەشێك لەو هونەرمەندانەی کەناویانم لەبیربێتو شیعرم پێداون لەوانە هونەرمەندان (محەمەدی مەلمێ، قادری سیاحی، عەزیز شارۆخی، ئیسماعیل سابوری، زەکریا عەبدوڵا، زیاد ئەسعەد، پەیمان عومەر، عارەب عوسمان، نیزام شوکور، بەهجەت یەحیا، حیسام لورنژاد، تەنیا ئیدریس... هتد، بەگشتی زۆربەی زۆری هونەرمەندەکان شیعرم پێداون داوای لێبوردنیان لێ دەکەم ناتوانم ناوی هەمویان بە ئەواوی بڵێم چونکە زۆرن، هەروەها ئاوازیشم داوەتە بەشێك لە هونەرمەندانی گەنج کە ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری کوردی کاردەکەن.

دەنگی مەخموور: پێت وانیە تامو چێژی شیعر زیاتر دەبێت ئەگەر ناوەرۆکی شیعرەکە رەنگدانەوەی ژیانی شاعیر بێت؟

بێلاف: شاعیریش ئەندامێکە لە کۆمەڵگا کەباس لە کێشەیەکی ئەتەوەیی دەکرێت یاخود کە باس لە خۆشەویستیو عەشق دەکرێت هەموومان پەیوەستین پێوە، بۆیە کاتێك شاعیر شیعر دەنوسێت کەتاکێکی ناو کۆمەڵگا دەخوێنێتەوە خۆی تێدا دەبینێتەوەو وادەزانێت کە لەسەر ئەو نوسراوە.

دەنگی مەخموور: کاتێك شیعر بە گۆرانی بێژێك دەدەی هیچ بەرانبەرێك بۆ شیعر وەردەگریت؟

بێلاف: ئەگەر مەبەستت پارە بێت لە ژیانی خۆم پارەم لە هیچ هونەرمەندێك وەرنەگرتوە بەرامبەر بە شیعر، چونکە من شیعر بۆ ئارەزوی خۆم دەنوسمو بڵاوی دەکەمەوە، کاتێکیش بڵاوی دەکەمەوە هونەرمەندان دێن داوا دەکەنو منیش دەیانددەمێ، لێرەوە دەڵێم هەر هونەرمەندێك کەدەنگی خۆش بێتو بتوانێت خزمەتی هونەری کوردی بکات ئەوا من شیعری دەدەمێ و هاوکاریشی دەکەم.

دەنگی مەخموور: **پەیوەندیت لەگەڵ کام شاعیرو هونەرمەند زۆر نزیکە؟**

بێلاف: پەیوەندیم لەگەڵ زۆربەی شاعیرەکان هەیەو و زۆربەیان دەناسم، بەتایبەت (فەرید زامدار) کەیەکێکە لەو شاعیرانەی کەزۆر لێم نزیکەو یەکێکە لەدۆستە نزیکەکانم کە بە بەردەوام بیرورا دەگۆرینەوەو هەماهەنگیمان هەیە لەسەر مەسەلەی شیعر، هەروەها پەیوەندیم لەگەڵ هەمو گۆرانی بێژە کوردەکان هەیە هەموویان دەناسمو دۆستی منن، تەنانەت لەفارسەکانیش پەیوەندیم هەیە لەگەڵ موعین ئەسفەهانیو حومەیرا کە هونەرمەندێکی ئافرەتی فارسەو لەگەڵ گلپاو ئیرجو شەجەریانو عەلی رەزا ئیفتیخاری پەیوەندیەکی باشم هەیە، لەگەڵ کوردەکانی رۆژهەڵاتیش بێژەنی کامگارو سەید جەلالەدینی محەمەدیانو عەزیزی شارۆخی پەیوەندیم لەگەڵیان هەیەو دۆستی منن، لە هونەرمەندە عەرەبەکانیش پەیوەندیم لەگەڵ هونەرمەندان کازم ساهیرو سەعدون جابر کەلە دواین سەردانی بۆ کوردستان هات بۆ ماڵی منو دەعوەتی من بوو.

دەنگی مەخموور: عەشق لای بێلاف چی دەگەیەنێت؟ چۆن ژیانی هاوسەریەتیت پێك هێناوە؟

بێلاف: هەمو مرۆڤێك بە عەشقەوە دەژیت، عەشقیش زۆر رووی هەیە مرۆڤ هەیە عەشقی خاکەکەیەتی وەك پێشمەرگە، هەیە عشقی مۆسیقایە، هەیە عەشقی ئافرەتە. هەڵبەتە ژیانی هاوسەریەتیم وەك کەسێکی ئاسایی پێك هێناوەو ئێستاش سێ منداڵم هەیە بەناوی (داستانو بروسك و محەمەد).

دەنگی مەخموور: هونەرمەند زیاد ئەسعەد لە چاوپێکەوتنێك دەڵێت ئەگەر بێلاف گۆرانی بڵێت سەرکەوتوو دەبێت، چونکە دەنگێکی خۆشی هەیە، بۆچی ئاوەکو ئێستا گۆرانیت نەوتووە؟

بێلاف: رەنگە من دەنگم خۆشبێتو شیاوی گۆرانی گوتن بێت، بەڵام لە بەر هەندێ داب و نەریتی بنەماڵەکەم ناتوانم گۆرانی بڵێمو وەك گۆرانی بێژ دەربکەوم، بۆیە زیاتر رێچکەی شیعرو ئەدەبیاتم گرتۆتەبەر.

دەنگی مەخموور: کام هونەرمەندی کوردی بەلای بێلاف دەنگی خۆشەو خاوەن زۆرترین جەماوەر لە گۆڕەپانی هونەری کوردی دا؟

بێلاف: لەلای من هونەرمەندی دەنگ خۆشی کورد زۆرە، هونەرمەند (مەزهەری خالقی) یەکێکە لەو هونەرمەندە دەنگ خۆشانە، **بەڵام دەتوانم بڵێم هونەرمەندان زەکەریا عەبدوڵاو زیاد ئەسعد ئەمرۆ خاوەن زۆرترین جەماوەرن لە گۆڕەپانی هونەری کوردی دا. هەروەها لە کچانیش (کیژان ئیبراهیم خەیات) یەکێکە لەگۆرانیبێژە دەنگخۆشەکان.**

دەنگی مەخموور: تاوەکو ئێستا چەند دیوانی شیعریت هەیەو دەکرێ باسیان بکەی؟

بێلاف: تاوەکو ئێستا شەش دیوانی شیعریم هەیە بڵاوکراوەتەوە، ئەوانیش بەناوی (کلافەی حەزێکی شێت) ساڵی ١٩٨٨ لە چاپخانەی بەغدا، ئەوانی تر لەچاپخانەکانی شاری هەولێر ئەوانیش (تریفەی یادگار) ساڵی١٩٩١و، (گوڵدانی فرمێسك) ساڵی ١٩٩٦، (هەناسە شوشەییەکان)و، (مۆمەکانی عشق)و (ژوانی ئاو). هەروەها چەند لێکۆلینەوەیەکم نوسیوە لەسەر (شێخ عەبدولقادر گەیلانی) کە لەدەزگای موکریان چاپکراوە،و لەسەر (تەریقەتی نەقشبەندی)م نوسیوە کە لەهەمان دەزگا چاپکراوە، لێکۆلینەوەیەکم لەسەر (رابیعەی عەدەوییە)نوسیوە، دیوانێکی شیعریو چەند لێکۆلینەوەیەکم لەبەر دەستدایە کە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە، هەوڵ ئەدەم لەئایندە شێوەی سێدی تەواوی شیعرەکانم بڵاو بکەمەوە.

دەنگی مەخموور: دەسەڵاتو بەرپرسیاریێتی بە لای تۆوە چی دەگەیەنێت؟

بێلاف: مرۆڤ ئەگەر لەهەر شوێنێك بەرپرس بێت ئەگەر توانی بەشێوازیکی جوان خزمەت بە شوێنەکە بکات ئەوە جێگای شانازییە بۆی، دەبێت لە دوای خۆشی ئاسانییە بۆی، دەبێت لە دوای خۆشی ئاسەوارێك بە جێ بهێڵێت بۆ ئەوەی شانازی پێوە بکات، بەڵام بەداخەوە من وەك پێویست نەمتوانی خزمەت بە دەڤەری مەخموور بکەم لەرووی خزمەتگوزارییەوە، چونکە ئێمە لە دیوانی قایمقام بوودجەمان نەبوو بۆئەوەی بتوانین خزمەتی ئەم دەڤەرەی پێ بکەین، بەڵام لەرووی سیاسییەوە زۆر خۆشحاڵو سەربەرزم کە توانیم خزمەتێکی بەرچاوی ئەم دەڤەرە بکەم.

دەنگی مەخموور: چ پێناسەکت بۆ شارۆچکەکەت مەخموور هەیە؟

بێلاف: من لە دایکبووی ئەم دەڤەرەم، مەخموور بەدایکی خۆم دەزانم خەڵکەکەشی بە ئازیزو خۆشەویستی خۆم دەزانم، جگە لەمە مەخموور لە لای من پێناسەیەکی دیاری کراوی دیکەی نییە.

دەنگی مەخموور: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی مەخموور چۆنەو تا چەند هاوکاریان دەکەیت؟

بێلاف: من وەزارەتی رۆشنبیری نیم بۆ ئەوەی بتوانم هاوکاری هونەرمەند بکەم، بەڵام ئەگەر پێویستیان بەمن بێت لەرووی شیعرپێدانو ناساندنی گروپی میوزیك ئەوا لەخزمەتیان دادەبم ئەوەی لەدەرگای منی دابێت ئەوا هاوکاریم کردوە، پەیوەندیم لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی مەخموور باشە وەك گۆرانیبێژ سالار نەورۆز، سلێمان قەرەچوغی کە حەیران بێژەکی زۆر چاکو بەتوانایەو هونەرمەند (ئەحمەد زەمانە) خزمەتێکی زۆری حەیرانی کوردی کردووە، هەروەها ئیسماعیل کۆیستانیو مامۆستا جەمال جەمیلو جەمیل سنجاوی کە ئەوانە وەك میوزیك ژەن توانیان یەکەم گروپی میوزکی لە دەڤەری مەخموور دروستبکەن، هەروەها مەلا یوسف وەك میوزك ژەن دەرێکی باشی هەبوە، جگە لەمانەش هونەرمەندی کۆچکردوو (سەید ئەحمەد مەخمووری) کە زۆر لەگەڵ ئێمە دۆست بوو یەکێك بوو لە هونەرمەندە گەورەکان لە سەر ئاستی کوردستان.

یەکەمەکان لای عەبدولرەحمان بێلاف

*** یەکەم بەرهەمت؟**

-کلافەی حەزێکی شێت.

***یەکەم هاوڕێت؟**

-زۆرن چونکە من لە گوند لەدایك بومە.

*** یەکەم هونەرمەند کەناسیبت؟**

- زیاد ئەسعەد.

***یەکەم چاو پێکەوتنت ؟**

- ببورە بەبیرم نایەتەوە.

*** یەکەم عەشقت؟**

-دایکم، چونکە مرۆڤ کە چاوهەلدێنێ یەکەم کەس دایکی دەبینێت

*** یەکەم وڵات کەبینیت؟**

- وڵاتی ئەمەریکا.

*** یەکەم پۆستت کە وەرگرتبێت؟**

- ساڵی ١٩٩٧ بووم بە قایمقامی قەزای مەخموور.

دڵدار خۆشناو (سەرپەرشتیاری گروپی خەندەی شەو):

وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتی پێ نەداین

گروپی خەندەی شەو لە ساڵی٢٠٠٩ دامەزراوە، دڵدار خۆشناو وەك سەرپەرشتیارو مامۆستا جەلال محەمەدو بارزان ساڵەیی کارگێڕی ئەم گروپەن ، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە توانیویەتی لەو تەمەنە کورتەدا دوو شانۆ نمایش بکاتو فیلمێکیش بڵاو بکاتەوە.

ئا: کارزان غەمگین

دڵدار خۆشناو سەبارەت بەچەند پرسێك دەڵێ "سەرەتا بەرنامەیەك لەرادیۆی دەنگی لاوانی مەخموور بەو ناوە هەبوو دواتر گۆڕیمان بۆ گروپێکی نواندن، سەرەتا تەنیا (١٥) ئەندام بووین، بەڵام ئێستا ٣٥ ئەندامان هەیە بەکوڕو کچ هەیە، هەرچەندە هیچ یەك لەئەندامانم ئەکادیمی نین، بەڵام هەیە ٢٠ ساڵە خزمەتی هونەری نواندن دەکاتو، کاری ئێمە تەنیا نواندنی شانۆو فیلم لەوەتەی دامەزراوین توانیومانە دوو شانۆ نمایش بکەین، یەك لەیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ئەویتر لەیادی جەژنی نەورۆز بوو، فیلمێکیش بەناوی (پیری چاوچنۆك) بڵاوبکەینەوەو ئێستاش سەرقاڵی وینەگرتنی فیلمی (گەنجو سەردەم)ین کە کارەکانی بەنیوە بووەو بەم نزیکانە ئەویش بڵاودەکەینەوە.

خۆشناو باسی لەو گروپە کردو گوتی "ئێمە گروپەکەمان بێ لایەنەو تائێستاش کەس هاوکاری نەکردووین لەلایەنی مادیەو داوای هاوکاریشمان لە کەس نەکردووە، تاکو بەردەوام بین خزمەتی هەموو لایەك دەکەین ئەوەی داوامان لێ بکات.

بەداخەوە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم مۆڵەتی پێ نەداین، چونکە دەبێ گروپ سێ ئەکادیمی تێدابێو ئێمەش کەسی ئەکادیمیمان نیە ئێستا لەو شارە دانیشێ، ئێمە دەمانەوێ لەرێی کارەکانمانەوە خەڵك هان بدەین تا لە ئەکادیمیای هونەری بخوێنن، تا باشتر لەو شارە خزمەتی هونەری بکەین، هونەر دۆست لەو شارە زۆرە، چونکە فیلمی (پیری چاو چنۆك) تەنها لەمەخموور (٥٠٠) دانەی لێ فرۆشراوە، چەند کەسێك هاوکاریو کارناسانیان بۆ کردووین جێگای خۆیەتی سوپاسیان بکەین ئەوانیش بارزان سید کاکە قایمقامی قەزای مەخموورو بایەزید رەحمان لەسەنتەری رۆشنبیری مەخموورو فەرهەنگخانەی مەخموورو هەروەها (م.جەمیل سنجاوی) زۆر یارمەتی داین سوپاسیان دەکەین، داواکارین لەوەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێم کە مۆڵەتمان پێبدات لەگەڵ بودجەیەکی دیاری کراو تا بتوانین زیاتر خزمەتی هونەری بکەین لەم دەڤەرە.

دواتر مامۆستا جەلال محەمەد (کارگێڕو ئەکتەرو دەرهێنەر) وتی "سەرەتا ئەم گروپە بەرنامەیەك بووە لەرادیۆ پێشکەش دەکرا کە لەسەر گیرگرفتی رۆژانەی خەڵکو چارەسەرکردنی کێشەکان بوو، هەر جارەو لەسەر بابەتێك دەدوا، بەڵام دواتر رێککەوتین بیکەینە گروپێکی نواندن (شانۆو فیلم) تائێستاش کەس هاوکاری نەکردووین لەلایەنی مادی، بەڵام لەلایەنی مەعنەوی (م.جەمیل سنجاوی) لەفیلمی پیری چاوچنۆك یارمەتیداین بۆ گۆڕینی کاسێتی چوار میلیمی بۆ مۆنتاژکردنو سالار نەورۆزو عیماد جەوهەر تەها ئەرکی مۆنتاژکردنیان لەئەستۆ گرت بێ بەرامبەر زۆر سوپاسیان دەکەین. ئەو گروپەش سەر بەهیچ حیزبیك نییە بەڵکو ئەندامەکانمان لەلایەنگرانی سەرجەم حیزبەکان پێکهاتووە، خۆمان نەکردۆتە پاشکۆی هیچ حیزبیكو بەرۆحێکی هونەری بەرزو خۆبەخش کاردەکەینو نامانەوێ بچینە پاڵ هیچ حیزبو سەنتەرێكو هەر بەبێ لایەنی بمێنینەوە.

دواتر بارزان ساڵەیی (کارگێڕو وێنەگری گروپ) وتی"نامەوێ باسی چۆنیەتی دروست بوونی ئەم گروپە بکەم، بەڵام دەمەوی ئاماژە بەوە بکەم کە تائێستا هیچ کەسێك هاوکاری نەکردووین لەلایەنی مادی ئێمە بۆ وێنەگرتنی فیلم پێویستمان بەکامێرایەك بوو ئەوەبوو من رەعد سەعدی تەها دڵدار خۆشناو کامێرایەکمان کڕی لەسەر ئەرکی خۆمان تەنیا بۆ خزمەتکردنی هونەر لەم شارەدا.

ساڵەیی دەڵێت "من تەنیا کاری وێنەگری دەکەم حەزم لەکاری نواندن نییە پێم باشە کەسانی تر ئەو کارە بکەن زۆر سوپاسی ئێوەش دەکەم بۆ ئەو بەسەرکردنەوە.

گەشتێك بەنێو گوندو شارۆچکەکاندا

عەباس سلێمان سمایل

١ - کاریتان: گوندێکە نزیك ناحیەی دیبەگە، جاران ئاغای هەر گوندێك کۆچی دوایی بکردبایە کوڕەکانی زەویو زاری گوندەکەیان دابەش دەکرد، ئەم دابەشکردنە زۆرجار گوندێك دەبێتە چەند گوندێك، لەئەنجامی دابەشکردنی زەویو زاری دیبەگەش بەشێك لەم زەویوزارە بەناوی کاریتان وەبەر یەکێ لە کوڕانی ئاغا دەکەوێت بەناوی (حەمە سادق ئاغا) ئینجا حەمە سادق خانووی لێ دروست دەکاتو پاشان خانووی لێ زیاد دەبێت تادەبێتە گوند، ئەم گوندەش بەهۆی ئەوەی کانی تێدابووەو کاریتەی باشی وەدەست هاتووە، بۆیە ناوی گوندەکەش بەناوی ئاقارەکە واتە (کاریتان) ناوی دەرکرد.

٢ - عاللا: ناوی گوندێکە کاتی خۆی یەکێك بەناوی (عەبدوڵا) لەوێ هەواری هەڵداوەو گوجیلەیەکی زۆری هەبووە، بۆیە ناوی ئەم هەوارە بە (عەبدوڵا گوجیلان) دەناسرێت، پاشان ناوەکە سووك دەبێتەوە دەبێتە (عاللا) ئینجا (ئەحمەد پاشا)ی دزەیی ئەم گونده لە عەبدوڵا وەردەگرێت، جا نازانرێ لێی دەکرێ یان کابرا بەخۆڕایی بۆی بەجێدێڵێت. ئەحمەد پاشا تەنیا یەك (کەر)و یەك (گا)ی هەبووە، جا هەردوو ژنەکەی کە لەهۆزی بلباس بووینە رەوانی ماڵی باوکیان دەکات، بەڵکو هەریەکەیان وڵاخێك لەماڵی باوکیان بێنن، چونکە ئەوکات بلباس دەوڵەمەند بووینە، دوا بەدوای ئەمە ئەحمەد پاشا پرۆپاگەندە بۆ گوندەکەی خۆی دەکات، تا دەتوانێ کۆمەڵە ماڵێك لەگوندەکەی نیشتەجێ بکات، بەم جۆرە گوندی عاللا دەبێتە گوندو ئاوەدان دەبێتەوە.

٣ - باقرت: ناوی شارۆچکەیە، بووەتە مەڵبەندی دەڤەری (ناحیە)ی قەراج، ئەم ناوە لە دوو بڕگە پێك هاتووە، با (بێت، گوند، نیشتمان، هەوار)= قرت، قرد(کورد) ئەم ناوە ناوێکی ئارامییەو واتای هەواری کوردان دەگەیەنێت، تا ئەمڕۆش مەسیحیەکانی کوردستان بەکوردی موسڵمان دەڵێن (قوردایی).

دوای هاتنی بۆیانەی ریال مەدرید
یەکەم چاوپێکەوتنی کریستیانۆ رۆنالدۆی پورتوگالی

ئا: هیوا قادر

کرستیانۆ رۆنالدۆی پرتوگالی و ئەستێرەی نوێی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کە بەبڕی ٩٤ ملیۆن یۆرۆ هاتووەتە یانەی شاهانە.

ئێستا بووەتە قسەوباسی سەرزاری خەڵکی شاری مەدرید، لەیەکەم چاوپێکەوتنی کەلەدوای مۆرکردنی بۆندەکەو هاتنی بۆریال مەدرید ئەنجامی دا لەگەڵ رۆژنامەی (مارکا) بوو. رۆژنامەی مەخموریش بەچاکی زانی چاوپێکەوتنەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی بۆهەوادارنو خۆشەویستانی ئەم یاریزانە.

مارکا: کاتێك (کرستیانۆ رۆنالدۆ) کۆتایی بەژیانی وەرزشی خۆی دیۆنیۆت ئایا بە (دی ستیڤانۆ)و (ماردۆنا)و (زێدان) بەراورد دەکرێت؟

رۆنالدۆ: ئێستا دەمەوێت ئەوە بسەلمێنم کەشایەنی ئەو نرخە زۆرەم، ئەوەی گومانی تێدانییە ئەگەر وانەکەم ئەوا بۆوەرزی داهاتوو دەبێتە شەرمو عەیبەیەکی گەورە لەسەرم. ئەوەی جیاوازە من لەگەڵ چەند یاریزانێکی ئاست بەرز یاری دەکەم، بەڵام ئەو بڕە زۆرەی پارەکە بەبۆندەکەی من درا پێویستە لەهەموو پێ بەرکەوتنم بەتۆپ لەمەشقو لەنێو یاریگاش بەدیاربخەم، دەمەوێت جەماوەر دڵنیابکەمەوە لەیانەی ریال مەدرید من بۆ ئەوە نەهاتووم چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی ئەنجام بدەمو قسەی سەرنجراکێش بکەم.

مارکا: دوای هاتنت بۆیانەی ریال مەدرید هەست بەچی دەکەیت؟

رۆنالدۆ: ئێستا دەتوانم بڵێم خەونەکەم هاتەدی. خێزانەکەمان هەرلەوکاتەی لە پرتوگال بوو چاودێری یانەی ریال مەدریدیان دەکرد، بۆیە من هەمیشە هیوام دەخواست لەیانەی ریال مەدرید یاری بکەم ئەمەش یەکێك بوولەئامانجەکانم، هەروەك یەکێك لەئارەزووەکانم ئەوەبوو ببمە یەکێك لەباشترین یاریزانانی وەکو (پێلیە)و (ماردۆنا)و (دی ستیڤانۆ)و (کرۆیف).

مارکا: بیروورات چۆنە لەبارەی (فلۆر نتینۆ پێرز)؟

رۆنالدۆ: بێگومان شۆرشێکی لەجیهانی تۆپی پێ بەپاکرد، ئەویش هۆکاری هاتنم بوو بۆیانەی ریال مەدریدو گەورەییەکە بۆئەو دەگەڕێتەوە، سوپاسیشی دەکەم کە خەونەکەی هێنامەدی.

مارکا: دەتوانیت بەبێ ڤێرگسۆن هەناسە بدەیت؟

رۆنالدۆ: کاتێك چووم بۆیانەی مانچستریونایتد لەسەرتا گونجاو نەبووم لەگەڵ ڤێرگسۆن، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات هەستم بەئارامی کرد لەگەڵ ڤێرگسۆن. من هیوام وایە کەیانەی ریال مەدرید یارمەتیمدەدات لەسەر زیاتر گەشەکردنمو شارەزای زیاتریشم پێ دەبەخشێت لەیاری تۆپی پێ دا، جێگای شانازیشە کەلەم یانەیە یاری دەکەم.

مارکا: بوونی (کاکا) لەتەك تۆ ئایا کاریگەری نابێت لەسەرت؟

رۆنالدۆ: (کاکا) یاریزانێکی گەورەیەو بەختەوەرم لەتەك ئەم یاریزانە یاری بکەم، هیوادارم بەیەکەوەو لەگەڵ هەموو یاریزانانی دیکەی تیپەکەمان نازناوەکان بەدەست بهێنین.



هەواڵە وەرزشییەکان

ئا/ عەبدولرەحمان ئادەم - هیوا قادر

مەهدی کەریم بووە یاریزانی یانەی هەولێر

یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئێراق و یانەی خۆری قەتەری مەهدی کەریم بەفەرمی بۆندێکی لەگەڵ یانەی هەولێر مۆرکرد. لەمبارەیەوە عەبدولڵا مەجید سەرۆکی یانەی هەولێر لەلێدوانێکی گوتی "بەشێوەیەکی فەرمی بۆندێکمان لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئێراق و یانەی خۆری قەتەری مەهدی کەریم مۆرکرد، بۆ ئەوەی لەوەرزی داهاتوو بۆ یانەکەمان یاری بکات"، سەرۆکی یانەی هەولێر ئەوەشی گوت "لەپالەوانێتی جامی تۆپی پێی ئاسیاو یاری کۆتایی خولەکە بەرانبەر نەجەف یاری بۆیانەی هەولێر دەکات، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕی بۆندەکەمان دیاری نەکردووە".

تیپی باسکەی کچانی هەولێر لەگاڵۆباڵی ئەمریکی دەباتەوە

لەهۆلی سەنتەری (بلوو) لەشاری هەولێر لەرۆژی ٢٠٠٩/٧/٥دا، بەئامادەبوونی وەزیری وەرزش و لاوان، هەڵبژاردەی باسکەی کچانی هەولێر یارییەکی دۆستانەیان لەگەڵ تیپی باسکەی کچانی گاڵۆبالی ئەمریکی ئەنجامدا. لەیاریەکی ئاست بەرزدا هەڵبژاردەی کچانی باسکەی هەولێر توانیان یاریەکە لەبەرژەوەندی خۆیان تەواو بکەن بە ئەنجامی ٧٢خاڵ بەرانبەر بە ٦٦ خاڵ.

هەڵبژاردەی ئێراق لەیاریەکی دۆستانەی نێودەوڵەتیدا

سەعد زوهێری رێکخەری کارەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئێراق لەلێدوانێکدا رایگەیاند "کە هەڵبژاردەی یەکەمی ئێراقی وابڕیارە لەمانگی ئابی داهاتوو لەیاریەکی دۆستانەی نێودەوڵەتی رووبەرووی هەڵبژاردەی تەنزانیا ببێتەوە. لەوانەشە لەم یاریەدا هەریەکە لە (ئەحمەد سەلاح)ی یاریزانی یانەی هەولێرو گۆڵکاری ئەم وەزری خولی ئێراقو هەروەها (سامان سەعید)ی بەرگریکاریش بانگهێشت بکرێن. شایەنی باسە هەڵبژاردەی ئێراق لەم دواییە بەشداری جامی کیشوەرەکانی کردو بەدۆرانێك دوو یەکسان بوون جامەکەی جێهێشت.

پێنج یاریزانی کورد بەشداری لەپالەوانێتی ئاسیا دەکەن

وا چاوەروان دەکرێت هەڵبژاردەی لەشجوانی ئێراق بەشداری بکات لەپالەوانێتی ئاسیا کە لەوڵاتی هیندستان بەڕێوەدەچێت لەرێکەوتی ٧/٢٥ کە پێنج یاریزانی کورد بەشداری دەکەن ئەوانیش (سەردار ئیسماعیل، ئەحمەد رامبۆ، عادل کەمال، دلزار ئەحمەد، فیراس جەرجیس).

هیوای سەلامەتی بۆ مامۆستا سەدیقی گچکە دەخوازین

بەر لەهەموو شتێك هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زوو بۆ مامۆستاو وەرزشوانی دێرینی شاری هەولێر سەدیقی گچکە دەخوازین، هیوادارین لەنەخۆشیەکەی چاك بێتەوەو هەرچی زووە بگەڕێتەوە نێو دونیای وەرزش، هەموو لایەك بە پەرۆشین کە بەسەلامەتی لەو نەشتەگەرییەی سەرکەوتووبێت.

دیارە زۆر دەمێکە پەرۆشی ئەوە بووم کە دیدارێکی وەرزشی لەگەڵ یەکێك لە وەرزشوانە دێرینەکانی شاری هەولێر بکەم و هەوڵی بدەم کە ئەو وەرزشوانە بەتوانایانەی مەخموور لەساڵی ١٩٨٦ لەگەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوك لە دایکبووە، لەتەمەنی چوارساڵی بە هۆی نالەباری شاری کەرکوك لەگەڵ خانەوادەکەی دێنە شاری مەخموور، خوێندنی سەرەتایی تا دواناوەندی لە مەخموور تەواو دەکات ئێستاش قوتابیە لەقۆناغی سێیەمی کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین.

ئا/کارزان غەمگین

سەرەتای وەرزشی و دەستکەوتەکانی

هەر لە منداڵیەوە حەز لە دونیای وەرزش دەکات، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠دا بەتەواوی دێتە نیو دونیای وەرزش و لە تیپی میللی ئاشتی یاری دەکات، کە ئەو کاتە (قاسم شێخ محەمەد) ڕاهێنەری ئەو تیپە بووە دواتر دەچێتە تیپی تەلەبەو شەباب شورتەو ئێستاش سەرۆك تیپی لاوانی حەدیقەیە. ئینجا چووەتە یانەی وەرزشی مەخموور. لەلایەن (عومەر عەلی) ڕاهێنەر زۆر شتی بە سوود فێر دەبێت، لەساڵی(٢٠٠٧)لە هەولێر چوودتە ڕیزی یانەی وەرزشی پێشکەوتن، بەڵام لەبەر خوێندن لە یانەکان دوور کەوتۆتەوە، چەند یانەیەکی تر داوایان کردووە بەڵام خۆی حەزی نەکردوە بچێتە ڕیزی ئەو یانانە.

دەبارەی تیپی حەدیقە دەڵێت "ئەم تیپە لەساڵی (٢٠٠٣) لەلایەن چەند براد ەرێکەوە دروستمانکردو منیان وەك سەرۆك تیپ هەڵبژاردو تائێستاش چوار جار سازبدەمو هەموجاریش مامۆستا سەدیقی گچکە دەهات بەخەیاڵم، تا گەیشتمە ئەو ڕۆژەی بڕیارمدا سەردانی بکەم بەڵام براد ەرانی نزیکی ئەو پێیان وتم کە مامۆستا سەدیق نەخۆش کەوتووەو ڕەوانەی وڵاتی ئێران کراوە. دوای ماوەیەکی کەم توانیم لەمااڵکەی خۆی سەردانی بکەم، ئەوەی تێبینیم کرد ئەوەبوو ئەو هەر لەنێو جێگابوو کەچی هەر سەیری یەکێك لەکەناڵە وەرزشییەکانی دەکردو یەکسەر ئەو ووتەیەم بەبیر هاتەوە: جاران ئەگەر کەسێك زۆر تێکەڵی سیاسەت بوایە پێیان دەوت "سیاسەت لەگەڵ خوێنی تێکەڵ بووە"، بەهەقیقەت مامۆستا سەدیقی گچکەش بەهەمان شێوە وەرزشو یاری تۆپی پێ بەتایبەتی لەگەڵ خوێنو جەستەی تێکەڵ بووەو تاهەنووکەش دانەبڕاوە لەخزمەتکردن بە بواری وەرزشی لەکوردستانو هەولێر بەتایبەتی.

لێرەدا حەز دەکەم کورتەیەك لەژیانی وەرزشی مامۆستا سەدیقی گچکە بخەمەڕوو:

- ناوی تەواوی سەدیق سەعید ناسراو بە سەدیق گچکە

- ساڵی ١٩٥١ لەهەولێر لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٣ پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواوکردووە بەشی وەرزش، وەکو مامۆستایەکی وەرزشی دامەزراوە، تائێستاش لە پیشەی مامۆستایەتی بەردەوامە.

- زیاتر لە ٣٠ ساڵە لەناو بواری وەرزش خزمەت دەکات، سەرەتا وەك یاریزان لەریزی یانەکانی هەولێرو هێرشو برایەتیو..تد، دواتر وەك ڕاهێنەرو هەروەها وەك مامۆستایەکی وەرزشی خزمەتی بەرچاوی وەرزشی کردووە.

- نزیکەی ٢٠ساڵە وەك ڕۆژنامەنووسی وەرزشی کاردەکاتو ئێستاش بەرپرسی لاپەڕەی وەرزشە لە ڕۆژنامەی خەبات.

ئەحمەد ئاشەوان:
وەرزش زۆر لەوە پیرۆزترە تێکەڵ بەهیچ شتێك بکرێت

هەر کاتێك لەدەڤەری مەخموور ئەگەر ناوی یاری تۆپی بالە بهێنین ئەوا دەبێ ئەحمەد ئاشەوان وەك یاریزانێکی بەئەزموونو خزمەتگوزار ناو بهێنین، وەرزشوانی دێرینی شارۆچکەی دیبەگە (ئەحمەد عومەر ئاشەوان) تەمەن ٥٤ ساڵ، بە باشمان زانی ئەم وەرزشوانە دێرینە بەسەری بکەینەوە.

سازدان: شێرکۆ مەحموود - دیبەگە

*** دەسپێك و بیرەوەریەکانت لەگەڵ وەرزش؟**

- لەساڵانی ١٩٦٦ -١٩٦٧ لەسەر دەستی (مامۆستا یاسین) لەقۆناغی سەرەتایی دەستم بەیاری کرد، ئەوکات تۆپ بەقەیتان گرێ دەدرا، سەرەتا بەتۆپی پێ دواتر توشی پێکان بووم و ڕووم لەیاری بالە کرد، یاریزانە ناسراوەکانی تۆپی بالە لەدیبەگە لەوانە (شێخ جەواد، نوری مەولود، جەمال سەعید، خەتاب ئەحمەد، تەها پیرداود، جەمال پیرداودو چەندانی تر بووین. دوای تێکدانی دیبەگەش لەکۆمەڵگای خەبات تیپێکم دروست کردو دوای گەڕانەوەشمان بۆدیبەگە دیسان چەند یاریزانێکم پێگەیاند لەوانە (هونەر ئەحمەد، محەمەد شێرکۆ، محەمەد سەربەست، ریباز تەلعەت، گیلان قادر، خەبات فەرهاد)و چەندانی دیکە کە هەموویان یاریزانی زۆر باشنو زۆرجار بۆیانەکان داواکراون.

*** سەردەمی زێرینی یاریو یاریزانانی دیبەگە کەی بوو؟**

- لەحەفتاکان یاریزانی زۆرباش هەبوون لەسەردەستی مامۆستایەکی وەرزشی خەڵکی (حللە) بوو بەناوی (عەبدولرەزاق)، یاریزانیش وەکو (مام وسو، رەسول حوسێن، سابیر قادر، مەحموود عوسمان، مامۆستا عوسمان، حەسەن رەسول)، هەروەها لەیاری گۆرەپانو مەیدانیش لەوانە مام وسوو ئەحمەد سلێمان ئاغار هەروەها (خاڵە خدە) ناوێك هەبوو بە جلی کوردییەوە لەهەموان باشتربوو، بەڵام ئەو قوتابی نەبوو، دەسکۆ ناوێك هەبوو خەڵکی جاستان بوو لەهەڵدانی ساپ لەهەموو کەس باشتربوو، لەهەشتاکانیش دوو تیپی زۆرباشی تۆپی پێ هەبوون بەناوی (میللی، فتوە) یاریزانی تیپی میللی لەوانە (یاسین پیرداود، یاسین هەینی، شێرکۆ، هاوار سەعید، تەلعەت عومەر، شوان هەینیو چەندانی تر، هەروەها خۆشم لەو تیپە یاریم دەکرد). لەتیپی فتوە چەندین یاریزان هەبوون لەوانە (حەسەن عومەر، شێرکۆ مەحموود، تاهیر تۆفیق، ئەحمەدین سالح، قەهار شاکر، سابیر مەولود، شاکر محەمەدئەمین، فوئاد عومەرو... تد)، ئەم دووتیپە لەهەموو تیپەکانی ناوچەکە تەنانەت لە تیپەکانی هەولێریان دەبردەوە.

*** ئاستی ئێستای وەرزشی لەدیبەگە چۆنە؟**

- وەرزشوانی زۆر باش هەن، بەڵام بێ خزمەتیو نەبوونی ڕاهێنەری باشو ناوبژیوانی باشو هەڵنەستانی هەڵسورێنەرانی بواری وەرزش بەکاری خۆیان، ئەوانە وایکردووە کە زۆربەی بەهرەکان بیپوکێنەوە.

*** ڕات بەرانبەر بە تێکەڵکردنی حیزب بە وەرزش چییە؟**

- من هەموو تەمەنم بۆ وەرزش تەرخان کردووە دژی بەحیزبی کردنی وەرزشم، چونکە وەرزش زۆر لەوە پیرۆزترە تێکەڵ بەهیچ شتێك بکرێت.

*** یاریگای گەورەو بچووك لەدیبەگە کراوەتەوە قسەت دەربارەی چیە؟**

- جێگای دڵخۆشیە بۆ ئەو یاریگایانە، بەڵام لەجیاتی فریز ئەوا خوشترالوکی لێ ڕوواوە ئەگەرچی کەسانێکیش مووچەی پێ وەردەگرن، ئێستا یاریگای گەورەی دیبەگە فەرامۆش کراوە لەبەر یاریگا بچوککراوەکان ئەوی شوەك بازرگانی ناتوانی ئاواتی گەنجو وەرزشوانی دیبەگە فەراهەم بکات.

*** ئەحمەد ئاشەوان بەردەوام دوو عامودی تۆپی بالە بەسەر شانتەوەن هەستناکەی بووبنە بارگرانی لەسەرت؟**

- ڕاست دەکەی تائێستا سێ جار یاریگامان گواستۆتەوە ئەگەر لێم گەڕێن شوێنەکەی ئێستای دەکەمە یاریگایەکی جوان.

*** دەڵێن ئاشەوان لەناو یاریگا تووڕەو توندە؟**

- من کاتێك تووڕە دەبم یاریزان ڕێنماییەکان جێبەجێ نەکات، بەڵێ لەکاتی دۆراندن ئەگەر وەك پێویست نەبن ئەوا تووڕە دەبم ئەگەرچی زووش هێمن دەبمەوە.

*** بەسەرهاتێکی خۆشی وەرزشی؟**

- جارێکیان لەشەقلاوە یاریمان هەبوو تۆپێکی ئەوان بەسنگی یاریزانێکی ئێمە کەوت کە تۆزێك نەشئەی وەرگرتبوو دواتر تۆپێکیان دایە تا بەرزی بکاتەوە کەچی گرتیەوە منیش گوتم ئەوە بۆ؟ ئەویش وتی وامزانی دەڵێن بیخۆوە.

*** ئاواتت چیەو چ ڕەخنەیەکەت هەیە؟**

- ئاواتم سەربەخۆیی نەتەوەکەمەو ڕەخنەشم لەخۆم هەیە ئەویش ئەوەیە خێزانەکەم لەزۆر خۆشی بێبەش کردووە بەهۆی وەرزشەوە لێرەوە داوای لێبوردنیان لێ دەکەم.

یاریزانو ڕاهێنەر (کاروان سەلیم):
بەئاستی یاریزان شوان مامۆ سەرسامم

کاروان سەلیم مەعروف یەکێکە لەو وەرزشوانە بەتوانایانەی مەخموور لەساڵی ١٩٨٦ لەگەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوك لە دایکبووە، لەتەمەنی چوارساڵی بە هۆی نالەباری شاری کەرکوك لەگەڵ خانەوادەکەی دێنە شاری مەخموور، خوێندنی سەرەتایی تا دواناوەندی لە مەخموور تەواو دەکات ئێستاش قوتابیە لەقۆناغی سێیەمی کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین.

ئا/کارزان غەمگین

سەرەتای وەرزشی و دەستکەوتەکانی

هەر لە منداڵیەوە حەز لە دونیای وەرزش دەکات، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠دا بەتەواوی دێتە نیو دونیای وەرزش و لە تیپی میللی ئاشتی یاری دەکات، کە ئەو کاتە (قاسم شێخ محەمەد) ڕاهێنەری ئەو تیپە بووە دواتر دەچێتە تیپی تەلەبەو شەباب شورتەو ئێستاش سەرۆك تیپی لاوانی حەدیقەیە. ئینجا چووەتە یانەی وەرزشی مەخموور. لەلایەن (عومەر عەلی) ڕاهێنەر زۆر شتی بە سوود فێر دەبێت، لەساڵی(٢٠٠٧)لە هەولێر چوودتە ڕیزی یانەی وەرزشی پێشکەوتن، بەڵام لەبەر خوێندن لە یانەکان دوور کەوتۆتەوە، چەند یانەیەکی تر داوایان کردووە بەڵام خۆی حەزی نەکردوە بچێتە ڕیزی ئەو یانانە.

دەبارەی تیپی حەدیقە دەڵێت "ئەم تیپە لەساڵی (٢٠٠٣) لەلایەن چەند براد ەرێکەوە دروستمانکردو منیان وەك سەرۆك تیپ هەڵبژاردو تائێستاش چوار جار گەیشتوینەتە فینااڵ کەتێیدا دووجار یەکەم و دووجاریش دووەمان بە دەستهێناوە.

پاڵەوانی گۆڕەپان ومە یدان بووە

لەساڵی (٢٠٠٥) لەیاری گۆڕەپانو مەیدانی چالاکی قوتابخانەکان ئەو کات لەدواناوەندی کاوەی ئاسنگەر بوو بەشداریم کردو توانیم لەڕاکردنی (٢٠٠ -٤٠٠ -٣٠٠٠و پۆستەو بەرید) پلەی یەکەم بە دەستبهێنم و ببمە پاڵەوانی گۆڕەپان ومەیدان کە ئەو کات مامۆستا محەمەد لەتیف بەڕێوەبەری قوتابخانەو مامۆستا ئومێد عەبدولکەریم کە خەڵکی هەولێر بوو ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەم سەرکەوتنم. زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە هەرگیز ڕێگریان نەکردوەو زۆر سوپاسی هەریەك لە قاسم شێخ محەمەد و عومەر عەلیو واحید جەمیلو سەعد مشاریو محەمەد نوریو ئەوانی دیکە دەکەم، بەڵام جێگای خۆیەتی ئەوە بڵێم کە لەسەر دەستی قاسم شێخ محەمەد فێری ئەلفو بێی وەرزشی تۆپی پێ بووم بەڕاستی بە مامۆستای خۆمی دەزانم. ماوەتەوە بڵێن کە کاروان سەلیم هاندەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتینو یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیو بەیاریزانی فەڕەنسی زێنەدین زێدان سەرسامەو هاندەری هەڵبژاردەی کوردستانو یانەی هەولێرو بەئاستی یاریزان شوان مامۆ سەرسامم.

بەڕێوەبەری نووسین
شێرکۆ مەحموود
٠٧٥٠٤٦٠٧١٨٣

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠٤٦٥ ٥٤٦٣

دەستەی نووسەران
موحسین شوانی
خەلیل پاڵانی
عەبدولرەحمان ئادەم

پەیامنێران
جەلال خەیلانی
چریکە مەخووری

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور